مقاومەی ئیسلامی: ئەمریکا بەرپرسیارە لە کوشتنی ساعدی

مقاومەی ئیسلامی لە عێراق"، ئەمریکا بەکوشتنی ئەبو باقر ساعدی تەمەتبار دەکات و دەڵێت ئەمریکا بە کوشتنی فەرماندەی کەتائیبی حیزبوڵڵا، "هەموو یاساکانی شەڕی پشێلکردن،" هەروەها هەڕەشەی وەشاندنی "گورزی بەئازار و هەرشی بەرفراوان" لە دژی هێزەکانی ئەمریکا دەکات و جەخت لە "ناچارکردنی" هێزە بیانییەکان دەکات بە ئەوەی لە عێراق بکشێنەوە.

لە راگەیەندراوەکدا مقاومەی ئیسلامی لەو بارەیەوە دەڵێت، "ئەو دەرفەتەی مقاومەی ئیسلامی بە هێزەکانی داگیرکاری دا بە ئەوەی لە خاکی پیرۆزییەکان بچنە دەرەوە و رزگاریان بێت، وەکای نەوەندگیری و پاشانەویان، دوێنە پەیان نەدرابوو، پەش ئەوەی گەورە و بچووکیان لە ساڵی 2011 ببەزێنرێن، کە ئەو کات موجاهیدەکانی مقاومە سەربازانی داگیرکاریان بەرەو ئاگری دەزێخ لەدەخوەین و بنکەکانیان دەکردنە وەرانە و خەمەش.

لەو بارەیەوە مقاومەی ئیسلامی لە عێراق دەڵێت، "دەرفەتی چەند رۆژی رابردوو بە دەنیاییەوە پشانی گەلی عێراق و هاوە و لایەنە بەرپرسەکانی دا کە دوژمنی داگیرکار دەستبەرداری چەپەڵی و ستەمی خەی نابێت و لە زمانی چەک بەو لاوە، لە هیچ تەناگات، ئەمش لە هەرشەکانی ئەم دواییەی بە سەر

موجاهیدەکانی حەشدی شەعبی لە قائیم و عەکاشات و شوێنەکانی دیکەیدا، بە رووبەڕووی دەرکەوت."

گرووپە چەکدارەکە کە لە ماوەی چوار مانگی رابردوودا، بەرپرسیارێتیی خۆی لە زیاتر لە 170 هێرشی درێژی و مووشەکی بە سەر هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە رۆژئاوا و باشووری کوردستان، عێراق و سووریا دەربڕیوە، دەڵێت، "تیرۆرکردنی سەرکردەی مێژن، باقر ساعدی لە بەغدا، "تاوانەکانی ئەمریکای گەورەترکردن، بەو کارە، هەموو یاساکانی شەڕی پێشێلکردن، ئەمەش تەنیا وادەکات مقاومەی ئیسلامی بە پێکهاتە ئاشکراکراوەکانییەوە، تەنیا زیاتر پابەندبێت بە بەرپرسیارێتیی خۆی بەرامبەر گەل، نیشتمان و ئومەتەکەی لە هەر دەخەکدا بێت".

ئەمریکا دەڵێت ساعدی راستەوخۆ "لە پلاندانان و جێبەجێکردنی هێرشەکانی سەر هێزەکانی ئەمریکادا بەشداربووە".

مقاومەی ئیسلامی دەڵێت، "ئەمە باشتر لەوانی دیکە ئاشنای چەپڵەتیی دوژمنمان و گەڕپانەکانی رووبەڕووبوونەوەیانین، هەروەها باشتر دەزانین چۆن بەچەکیاندابدەین، بە گورزی بەئازار و هێرشی بەرفراوان، بە ئەوەی ناچار بە ملکەچبوون و شکستخواردن بکرێن، ئەوەش وەک خزمەتێک بە بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان و پرسەکانی ئومەتەکەمان، داوا لە برایانی جیهادمان دەکەین، پێیوەندی بە ریزەکانی مقاومەوە بکەن، خۆیان یەکلابکەنەوە بە بەشداریکردنی کاریگەرانە لە دەرکردنی داگیرکار لەم قۆناخە مێژوویییەی عێراق و ناوچەکەدا".